www.kurdistannet.org

# سێ گۆرانی

حەمەسەعید حەسەن

ژنی جوان:

سەرسامم ئەو ڕێیەی پیا دەڕۆی

چۆن یەکسەر نابێنە گوڵستان!

ئەو بەردەی ئەوەندەی قۆخێکە و

لە مێژە سووچێکی مێزەکەم بۆ تەرخان کردووە

بەردێکی بناری (گوێژە)یە،

هەر جارێ پەنجەمی بەرکەوێ

هەر دەڵێی دەستم بەر گۆی مەمکی ئافرەتێ دەکەوێ.

شەکرۆکەی منداڵیم،

لە کۆشی کۆڵانی(چوارباخ)دا بزر بوو،

لاوێتیم شوێ بوو درێژ وەك پرچی خۆر،

ئێوارەی تەمەنە و خەمگینم

هەر دەڵێی یەکەمین کەڕەتە

کۆچی ڕۆژ دەبینم

زەمانە بارانە بە باوە دەبارێ،

منیش خۆم داوەتە ژێر چەتری تەنیایی،

شەکەتم تامەزرۆی وچانی سێبەری داربەڕووم

یا خەوی هێمنی ژێر بەفر.

©Kurdistan Nêt